


**پزیشکێکی دەرمانسازی " وەزیری نوێی تەندروستی پشتگیری دەرمانخانەکانی لاکۆڵان دەکات "**

# بەقاڵەکانی دەرمان

## لە هەندێ لە دەرمانخانەکانی کۆڵاندا دەرمان بە گۆترە و بەبێ ڕەچەتەی پزیشکی دەفرۆشرێت

ڕاپۆرتی ئیسماعیل عوسمان
فۆتۆ : لڤین

● کاتێك بەناو شاردا گوزەر دەکەیت لەهەر ناوچەیەکدا دوکانێکی دەرمانسازی دەبینیت کە لەڕووی دەرەوەی نوسراوە بۆ دەرزی لێدان و تەداوی ، بەڵام لەناوەوە چەندین دەرمانی جیاواز دانراوە بۆ فرۆشتن کە هەندێکیان تەپوتۆز ڕووی دەرەوەی بەجۆرێك داپۆشیوە کە نوسراوی سەر دەرمانەکانیش نابینرێت.

لەیەکێك لە کۆڵانەکاندا یاریدەدەرێکی پزیشکی لەنێو ماڵەکەیدا دوکانێکی دانابوو کەنەك هەر فرۆشتنی دەرمان بەڵکو بە پێی قسەی نەخۆشەکانی دەربارەی جۆری نەخۆشییەکەیان پرسیاریان لێدەکات و تەشخیصی جۆرەکەی دەکات و هەندێك جار پشکنینی پزیشکی بۆ نەخۆشەکان دەنوسێت و دواتر هەرخۆشی چارەسەریان بۆ دیاری دەکات. لەسەر دەرگای ئەم عیادە لاکۆڵانەدا نوسرابوو لەدوای سەعات یەکی نیوەڕۆوە نەخۆش نابینرێت.

دەرمان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەموو مرۆڤێکی نەخۆش بۆ باشبوونی تەندروستی پەنا دەباتە بەری و زۆرجار لەبەر گرانی پسولەی دکتۆر و تاقیگەکان خەڵکی ڕوو دەکەنە دەرمانخانە لاکۆڵانەکان و بەبێ بوونی هیچ ڕەچەتەیەکی دکتۆر دەرمان وەردەگرن، ئەوانەش کەلەسەر دەرمانخانەکان پسپۆڕنین لەبواری دەرمانسازیدا.

لەهەندێك لەو دەرمانخانانەدا دەرمانە بێهۆشکەرەکان دەفرۆشرێن بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ مەرجێکی تەندروستی، زۆرێك لە گەنجانیش ئالودە بوون بەو دەرمانانە و ڕۆژانە بەکاری دێنن کە ئەوانەش بریتین لە (ترامال، ڤالیۆم، سۆمادریل، تۆسیرام،لۆرتین...).

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە یەکێك لە دەرمانخانەکان پێی ڕاگەیاندین کە لەماوەیەکی نزیکدا نزیکەی 55 گەنج لە ئاسایشی سلێمانی بەو هۆیەوە دەستگیرکراون.

ژنێك کە نەیویست ناوی خۆی بڵێت عەبایەکی ڕەشی بەسەردادابوو، هاتە یەکێك لەو دەرمانخانانە، لەناو عەلاگەیەکی ڕەشدا(ئەمپول)دەرزییەکی خاڵی دەرهێنا ووتی " لەم دەرزییە یەك دانەم بەرێ بۆ حەساسیەت بۆ پیاوەکەم بەکاری دێنم خۆشم دەرزییەکەی لێدەدەم" خاوەن دوکانەکەش دەرزییەکەی دایە دەست ژنەکە بەبێ پرسیارکردن لە ڕەچەتەی دکتۆر.

کەمال مەعروف عارفی تەمەن 46 ساڵ کە یاریدەدەری پزیشکییە و ماوەی 13 ساڵە ئیشی دەرمانسازی دەکات ووتی" من لەگەڵ دکتۆری دەرمانسازدا کاردەکەم بەڵام هەندێك دەرمانخانە بەناوی دکتۆری دەرمانسازییەوە دانراون و ئەو کەسانەی کە دەرمان دەدەن بە نە خۆشەکان دەرچووی پیشەسازین" دەربارەی دەرمانە موخەدیرەکان و داواکردنیان لەلایەن خەڵکەوە بەردەوامبوو وتی" ئەو کەسانە دێن بەناوی دایك و باوکیانەوە ئەو حەبانە داوا دەکەن کە سەرئێشەی بەردەوامیان لەگەڵدایە، لە هەمانکاتدا بۆ خۆیانە"

زۆرێك لە یاریدەدەرە پزیشکیەکان لە لێدوانەکانیاندا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە

هەندێ دەرمانخانە هەن کە لەلایەن (مامۆستا، کارەباچی، پیشەسازی)بەڕێوەدەبرێن بەڵام ئامادە نەبوون کە ناوی هیچ و کەس و دەرمانخانەیەك بەرن.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی زۆری دەرمانخانەکان لە ناو شاروشارۆچکەکانی کوردستاندا ئەو کەسانەی کە بەڕێوەی دەبەن زۆر بەکەمی دەبینرێت کە دەرچوی بەشی دەرمانسازی بن، بەڵکو بەشە جیاوازەکانی تەندروستیان تەواو کردووە لەوانە (تەندروستی کۆمەڵ، پەرستاری، سڕکردن و تیشك...)ئەمانە کەمتر شارەزاییان لە دەرمانسازیدا هەیە.

جەمال محەمەد ئەحمەد تەمەن 30 ساڵ دەرچووی بەشی پەرستارییە ماوەی شەش ساڵە دوکانی دەرمانخانەی هەیە، هۆکاری نەبونی پسپۆڕی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ماوەی چەند ساڵێکە بەشی دەرمانسازی لە پەیمانگا و زانکۆ نەکراوەتەوە بۆیە بەناچاری ئەو کارە دەکات.

سەرەڕای فرۆشتنی کۆمەڵێك دەرمانی بێهۆشکەر لە دەرمانخانەکاندا حەبی ڤیاگرا وەك هەموو حەبە ئاساییەکانی تر دەفرۆشرێت، جەمال دەڵێت "ڤیاگرا بۆ بازرگانی دروستکراوە بۆ تەندروستی دروست نەکراوە" لەساڵی 2002 دا بەپێی بڕیاری وەزارەتی تەندروستی سلێمانی ئەو کەسانەی کە دەرچوی دەرمانسازی نین لەڕووی دەرەوەی دوکانەکانیاندا ناتوانن هیچ جۆرە نوسراوێك هەڵبواسن کە ئاماژەبکات ئەو دوکانانە دەرمانخانەن.

ماوەیەی چەند ساڵێکە بەشی دەرمانسازی لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و زانکۆی صەلاحەدینی هەولێر کراوەتەوە کە چەند پسپۆڕێکی دەرمانسازی پێگەیاندووە بەڵام تاوەکو ئێستا لە زانکۆی سلێمانی هیچ هەولێکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە.

دڵشاد ڕەزای تەمەن 23 ساڵ دەرچوی پەیمانگا بەشی دەرمانسازی، بۆچونی پێچەوانەی زۆرێك لە دەرمان فرۆشەکان هەبوو وتی" هەق نییە ئێمە دەرمانخانە دابنێین بەڵکو پێویستە یاریدەدەری پزیشکی دەرمانساز بین"هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە نەبوونی هۆشیاری تەندروستییە کە خەڵکی دێتە لای ئێمە بۆ دەرمان کڕین بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان و بەبێ پسولەی دکتۆر ئێمە دەرمانیان دەدەینێ"

فاروق عەزیز عبدالرحمن تەمەن 24 ساڵ دەرچوی زانکۆی صەلاحەدین پسپۆڕ لە بواری دەرمانسازیدا هۆکاری زیادبونی دەرمانخانەکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەهۆی نەبوونی بەشی دەرمانسازی لە ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی ناپسپۆڕ ئەم هەلەیان قۆستۆتەوە.

دەربارەی داخستنی ئەو دەرمانخانە نایاساییانە وتی" وەزیری تازەی تەندروستی پشتگیری زۆریان لێدەکات و هەندێکیشیان بونەتە نیمچە یاسایی"تەئکیدی لەوەش کردەوە کە سەندیکای دەرمانسازی لەهەوڵی ئەوەدابوون بۆ بنبڕکردنی ئەم کارانە بەڵام زۆرجار ویستویانە بڕیار دەربکەن لە مەکتەبی سیاسی و پەرلەمانەوە وەستێنراوە"

سەرەڕای ئەوەش کە ژمارەی دەرمانخانەکان زۆربوون لە هەمان کاتدا ڕێژەیەکی زۆری دەرمان لە وڵاتانی دەرەوە لە ڕێگەی بازرگانەکانەوە دێتە کوردستان بەبێ بونی هیچ سەیتەرەیەکی نەوعی بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو دەرمانانە تا چەند کاردەکەنە سەر جۆری نەخۆشییەکان.

دکتۆر فاروق لەوبارەیەوە وتی "کاری پراکتیکی دەرمان زۆرتر لەسە رنەخۆش کراوە چونکە هەر نەخۆشییەك چەند جۆرێك دەرمانی هەیە،هەرچەندە هەندێك لەو دەرمانانەی کە دێنە کوردستان بەناو دەرمانن و هیچ کار ناکەن"

دکتۆر جەعفەر حەیدەر صالح بەرپرسی بەشی دەرمانسازی فەرمانگەی تەندروستی لە سلێمانی لەو بارەیەوە وتی کە لە دوو ڕێگەوە دەرمان دێتە کوردستان یەکەمیان لە بە غدا دێتە کوردستان کە سەیتەرەی نەوعی خۆیان هەیە ئەو دەرمانانە ترسمان لێیان نییە،بەڵام ئەو دەرمانانەی کە لەڕێی کۆمپانیاکانەوە دێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبونی ئەو بەشەوە هیچ جۆرە فەحصێك ناکرێن.

هەموو وڵاتێك کە دەرمان دەکرێت لە وڵاتانی تر لە ڕێگەی سەیتەرەی نەوعییەوە پشکنینی بۆ دەکات و پاش دەرچونی ئەنجامی دەرمانەکە بە پێی جۆری نەخۆشییەکە ئەگەر ئیجابی بوو ئەوا دابەش دەکرێت، هەموو سێ مانگ یان شەش مانگ جارێك ئەو نمونانە وەردەگیرێت و لە هەر جۆرێك لەو دەرمانانە بەراورد دەکرێت بە ئەنجامی پێشوی کە وەرگیراوە.

دکتۆر جەعفەر وتی" وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵێك دەرمانی ناردۆتە دەرەوە بۆ پشکنین ، بەڵام هیچ لەو دەرمانانەی کە تاقیکردنەوەیان لەسەر کراوە لە گەڵ ئەوە موتابیق نەبووە کەلەسەری نوسراوە چونکە کەمترین دەرمانی تێدابووە و کاریگەری کەمبووە"

ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە دەرمان دێننە کوردستان دوانزە کۆمپانیان کە زۆرینەیان عەرەبین و بازرگانەکان هەموویان خەڵکی کوردستانن، ئەوان دەرمانی بازرگانی دێننە کوردستان چونکە بە پێی لێدوانی بەرپرسی فەرمانگەی تەندروستی میزانیەی حکومەت توانای هێنانی ئەو بڕە زۆرەی دەرمانی نییە.

سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە وەزیری تەندروستی پشتگیری لە دەرمانخانەی لاکۆڵانەکان دەکات دکتۆر جەعفەر ئەو هەواڵەی بەپشت ڕاستنەکراوە زانی و وتی "ئێمە چەندجارێك لیستی ئەو دەرمانخانانەمان داوەتە وەزارەتی ناوخۆ کە دابخرێن بەڵام ئەو کارە کەمتر ئەنجام دراوە و دواتر بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوە"

ئەوگەنجینانەی کە دەرمانەکانیان تێدا هەڵدەگیرێن کەمترین مەرجی تەندروستیان تێدایە.

ئەوەی کە دەبینرێت لە کوردستاندا دەرمان هێنان و فرۆشتنی لەلایەن دەرمانخانەکانەوە بەکارهێنانی مەترسی لێدەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو قەیرانی تەندروستی هەنگاو بنێت ئەگەر حکومەتی هەرێم نەتوانێت چارەسەری بکات.